(١) بەڵگەی زۆر لەسەر سزای گۆڕ هاتوە بڕوانە لێدوانی سەر خاڵی 18و19و20 لە کتێب ی اعتقادی ئیمام ابن بطة رحمە الله تعالی لەوێدا بەڵگەکانم لەم بارەیەوە باسکردووە.

لێرەش چەند ئایەتێک باس ئەکەین لەسەر سزای ناوگۆڕ کەهەنێک لەئەهلی بیدەع نکوڵی لەسزای ناوگۆڕ ئەکەن قال الله تعالی :

﴿ وَلَوْ تَرَىٰ إِذْ يَتَوَفَّى الَّذِينَ كَفَرُوا ۙ الْمَلَائِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَارَهُمْ وَذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ ﴾

ئەگەر لە سەرە مەرگدا بۆ باوەڕان ببینی کە چۆن فریشتەکان گیانیان ئەکێشن ئەبینی لەو حاڵەتەدا دەم و چاوو پشتیان ئەیەن و پێشیان ئەڵێن دەسا سزای سووتێنەری دۆزەخ بچێژن.

کەواتائەم سزایە لەدوای دەرچونی ڕووحیانەوە واتا لەدوای مردنیان دەست پێ ئەکات تا هاتنی سزای گەورەی قیامەت وەک الله تعالی ئەفەرموێت : ﴿ وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنَ الْعَذَابِ الْأَدْنَىٰ دُونَ الْعَذَابِ الْأَكْبَرِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴾

ئەبێت سزای سەرەتایان پێ بچێژین پێش سزا گەورەکەی ڕۆژی قیامەت بەڵکو ئەوانەی زیندوون بگەڕێنەوە لە لادان لە کوفرو بێباوەڕیی.

وقال تعالی : ﴿ النَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا ۖ وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ أَدْخِلُوا

آلَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ الْعَذَابِ ﴾

لەسەر ئاگر ڕا ئەنوێنرێن بە بەیانیی و نیوەڕۆ بەدواوە وەکاتێکیش قیامەت بەرپا ئەبێت الله تعالی بە فریشتەکان ئەفەرموێ ئال و شوێنکەوتوانی فیرعەون بخەنە ناو سەخترین سزاوە.

کەواتا پێش قیامەت ئەوان لەناو سزا و ئەشکەنجەدان.

بەڵگەش لەسەر نیعمەت ی ناوگۆڕ بۆ مرۆڤی باوەڕدار : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴾

بێگومان ئەو کەسانەش گوتیان پەروەردگارمان الله یە بەتاک وتەنها پاشان دامەزراو وجێگیربوون لەسەر ئەو ئیمانەیان کاتێک مردن لە گۆڕدا فریشتە دائەبەزنە لایان و پێیان ئەڵێن لە پاشە ڕۆژتان مەترسن و بۆ ماڵ و منداڵیشتان پاش خۆتان دڵ تەنگ مەبن موژدەتان لێ بێت بەو بەهەشتەی بەڵێنتان پێدرا لە دنیادا مزگێنی بێت ئەمڕۆ دەکەونە خۆشیی و شادییەوە.

(٢) لەبارەی باسی شەفاعەتەوە بڕوانە لێدوانم لەسەر خاڵی 10 لەکتێب ی عەقیدەی الرازیین.

پاشان ئەو کۆمەڵەی ئیمام ی احمد باسیکردوە کەفەرمووی (کۆمەڵێک لەدۆزەخ دەرئەکرێن دوای ئەوەی سوتاون بوون بەخەڵوز ئەبرێن بۆلای ڕووبارێک لەلای دەرگای بەهەشت وەکچۆن لەئەثەردا هاتوە) مەبەست ی ئەم فەرموودەیەیە کەپێغەمبەر ﷺ فەرموویەت ی :

أما أهلُ النارِ الذين هم أهلُها فلا يموتون فيها ولا يحيَوْنَ ولكن ناسٌ أصابتهم نارٌ بذنوبِهم أو بخطاياهم فأماتَتْهُم إماتةً حتى إذا كانوا فحمًا أُذِنَ لهم في الشفاعةِ.

دۆزەخیەکان ئەوانەی خەڵکی ڕەسەنی ناو دۆزەخ ـن (وەک کافرەکان) ئەمانە نەئەمرن لەناو دۆزەخ (تا ڕزگاریان بێت)

نەئەشژێن لەدۆزەخدا (بەژیانێک تێیدا ئاسودە وبێ سزابن) بەڵام خەڵکانێ تر هەن بەهۆی تاوانەکانیان ئاگری دۆزەخ ئەیانگرێتەوە (واتا لەموسڵمانە تاوانبارەکان)

ئەمانە الله تعالی ئەیانمرێنێت لەدۆزەخ ـدا تائەبن بەخەڵووز پاشان مۆڵەت ئەدرێت بەشەفاعەت بۆکردنیان ...

ئیمامی النووی لەشەرح ـی ئەم فەرموودەیە ئەفەرموێت :

معناه أن المذنبين من المؤمنين يميتهم الله تعالى إماتة بعد أن يعذبوا المدة التي أرادها الله تعالى وهذه الإماتة إماتة حقيقية يذهب معها الإحساس ويكون عذابهم قدر ذنوبهم ثم يميتهم ثم يكونون محبوسين في النار من غير إحساس المدة التي قدرها الله تعالى ثم يخرجون من النار موتى قد صاروا فحما.

مانای فەرموودەکە ئەوەیە ئیمانداره تاوانبارەکان الله تعالی ئەیانمرێنێت بەمردنێکی هەقیقی دوای ئەوەی ماوەیەک ئەو سزایەی دۆزەخ ئەچێژن کەالله تعالی ویستویەت ـی بەمردنێک ئەیانمرێنێت کەهەستەکانی لەگەڵ

١٩ - باوەڕهێنان بەوەی مەسیح ی دەجال دەرئەچێت لەناوچاوانیدا نوسراوە کافر ئەوفەرمووودانەی لەوبارەیەوە هاتوون وباوەڕبوون بەوەی هەموو ئەوانە ڕووئەیەن.(٣)

٢٠ - باوەڕبوون بەوەی عیسای کوڕی مەریەم دائەبەزێت ودەجال ئەکوژێت لەدەروازی لود.(٤)

ئەچێت سزاکەشیان بەئەندازەی تاوانەکانیانە پاشان ئەیانمرێنێت پاشان بەمردووی لەئاگردا بەند ئەکرێن بەبێ هیچ هەستێک تائەو ماوەیەی الله تعالی بۆی دیاری کردوون پاشان بەمردووی لەئاگر دەرئەکرێن دوای ئەوەی بوون بەخەڵووز.

پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت :

فجيءَ بهم ضبائرَ ضبائرَ فبُثُّوا على أنهارِ الجنةِ فقيل يا أهلَ الجنةِ أفيضُوا عليهم فينبتون نباتَ الحبَّةِ تكونُ في حميلِ السيلِ قال فقال رجلٌ من القومِ كأنَّ رسولَ اللهِ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ قد كان في الباديةِ. **أخرجه البخاري (6560) بنحوه، ومسلم (185)**

کۆمەڵ کۆمەڵ ئەهێنرێن لەسەر کەناری ڕووبارەکان ی بەهەشت بڵاوئەکرێنەوە وئەوتری بەبەهەشتیەکان ئاو بکەن بەسەریاندا هەربۆیە ئەوانیش ئەبوژێنەوە وەکچۆن تۆی چێنراو لەکەناری ئاو وخۆڵی لافاو ئەڕوێت.

(٤-٣) **بۆ درێژەی بڕوانە لێدووانم لەسەر خاڵی 49و50 لەکتێب ی اعتقادی ئیمام ی**

ابن بطه رحمه الله تعالى، دەرچوون ی دەجال وهاتنی عیسا علیه السلام لەنیشانە گەورەكان ی قیامەتە.

چونكە نیشانەكان ی قیامەت دووجۆرن : نیشانە بچوكەكان ونیشانە گەورەكان. هەنێ لەزانایان ئەفەرموون سێ بەشە : نیشانەی بچوک ونیشانەی مامناوەند ونیشانەی گەورە.

هەنێک لەنیشانە بچوكەكان ی قیامەت :

- یەكەمیان ڕەوانەكردنی پێغەمبەرە ﷺ.
- پاشان مردنەكەی نیشانەیەكی تری قیامەتە.
- پاشان فەتحكردن ی بيت المقدس.
- پاشان جەنگ وفیتنەی نێوان هاوەڵان.
- لەنیشانە بچوكەكان بریتیە لەسەركردایەت ی منداڵان وتازە پێگەشتوەكان.
- لەنیشانەكان ی فەوتاندن ی ئەمانەت.
- لەنیشانەكان سپاردن ی كارەكان بەكەسانی ناشایستە ونەگونجاو.
- لەنیشانەكان فەوتاندنی نوێژ.
- لەنیشانەكان زۆربون ی خواردنەوەی سەرخۆشكەر.
- لەنیشانەكان دەركەوتن ی ئافرەت ی گۆرانی بێژو وئامێرە مۆسیقیەكان.
- لەنیشانەكان بڵاوبونەوەی زینا وڕیبا.
- لەنیشانەكان فێربوون ی دین بۆ جگە لەمەبەست ی دینداری.
- لەنیشانەكان سەرپێچیكردن ی دایک وباوک.
- لەنیشانەكان زۆربون ی پۆلیس وسەرباز.
- لەنیشانەكان زۆربون ی ئافرەتان وكەمبونەوەی پیاوان.

- لەنیشـانەکان زۆربون ـی جەهل وکەمبونی زانست.

- لەنیشانەکان ـی نزیکبونەوەی بازاڕەکان (بەهۆی ئامێرە پێشکەوتوەکان ـی سەردەم).

- لەنیشـانەکان ـی تر زۆربوون ـی بومەلەرزە.

نیشانە گەورەکان کەتائێستا ڕووی نەیاوە :

- کەیەکەم نیشـانەی گەورە بریتیە : لەدەرچونـی محمدی مەهدی.

أبي سعيد الخدري رضي الله عنه ئەیگـێڕێـتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویـەتی :

يخرج في آخر أمتي المهدي .. يعيش سبعاً أو ثمانياً يعني حجاجاً (أي سنين).

مستدرك الحاكم 4/557-558 وقال هذا حديث صحيح الإسناد ولم يخرجاه ووافقه الذهبي

لەکۆتای ئومەتەکـەم ـدا مەهدی دەرئەچێت.. حەوت یان هەشت ساڵ دەژێت لەپاش دەرکەوتنی.

٢ - علي رضي الله عنه ئەیگێڕێتەوە کـەپێغەمبەر ﷺ فەرموویـەتی :

المهدي منا أهل البيت يصلحه الله في ليلة.

مسند أحمد 2/58 ح 645 تحقيق أحمد شاكر وقال إسناده صحيح وسنن ابن ماجه 2/1367

مەهدی لەئـێمەیە لە ئال بەیت ـە الله تـعالی لەشەوێکدا چاکسازی ئەکات.

ئیمامی ابن کثیر رحمه الله دەفەرمووێت :

أي يتوب عليه ويوفقه ويلهمه ويرشده بعد أن لم يكن كذلك.

النهاية في الفتن والملاحم 1/29

الله چاکسازی ئەکات لەشەوێکدا واتە مۆفەقی ئەکات بۆ تەوبەکردن و ڕێنمای ئەکات بۆهەق پاش ئەوەی کەپێشتر وانەبوە.

بەڵام تەفسیرێکی تریش هەیە بۆ ئەوچاکساز بونە :
هەنێکی تر لەزانایان ئەفەرموون :

يصلحه الله في ليلة - أي: يصلح أمره ويرفع قدره في ليلة واحدة أو في ساعة واحدة من الليل، حيث يتفق على خلافته أهل الحل والعقد فيها.

الله چاکسازی ئەکات لەشەوێکدا واتە کارەکەی بۆچاکسازئەکات و پلەی بەرزئەکاتەوە لەشەوێکدا یان لەسەعاتێکی شەودا کەئەهلی حەل وعەقد کۆڕا ئەبن لەسەر خیلافەتەکەی.

٣ - أم سَلَمَةَ دەفەرمووێت بیستم لە رَسُولَ اللَّهِ ﷺ ئەیفەرموو :

الْمَهْدِيُّ مِنْ عِتْرَتِي.

مەهدی لەڕەچەڵەکی منە ولە ئال بەیتـە لەنەوەی فاطمە ڕەزای الله ی لێ بێت. **سنن أبي داود 11/373 . وسنن ابن ماجه 2/1368**

٤ - ئیمامی أبو داود (4282) - والترمذي (2230) لە عَبْدِ الله بن مسعود ڕەزای

الله ـی لێ بێت لە پێغەمـبەر ﷺ دەیگێڕێتەوە کـەفەرموویـەتی :

لَوْ لَمْ يَبْقَ مِنَ الدُّنْيَا إِلَّا يَوْمٌ لَطَوَّلَ الله ذَلِكَ الْيَوْمَ حَتَّى يَبْعَثَ فِيهِ رَجُلًا مِنِّي أَوْ مِنْ أَهْلِ بَيْتِي يُوَاطِئُ اسْمُهُ اسْمِي وَاسْمُ أَبِيهِ اسْمُ أَبِي ، يَمْلَأُ الْأَرْضَ قِسْطًا ، وَعَدْلًا كَمَا مُلِئَتْ ظُلْمًا وَجَوْرًا.

ئەگەر لەدوونیادا تاکـەڕۆژێـک بمێنێت ئەوا الله ئەو ڕۆژە درێژئەکاتەوە تا پیاوێـک لە نەوەی من لەئال بـەیت دەنێرێت ناوەکەی ڕێکی ناوی منە وە ناوی باوکیشی ناوی باوکی منە زەوەی پڕ دەکـات لەدادوری هەروەکـ چۆن پێش دەرچونی ئەو پڕکرابوو لەستەم وناهەقی.

شیخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله دەفەرموویـت :

الْأَحَادِيثَ الَّتِي يُحْتَجُّ بِهَا عَلَى خُرُوجِ الْمَهْدِيِّ أَحَادِيثُ صَحِيحَةٌ ، رَوَاهَا أَبُو دَاوُدَ، وَالتِّرْمِذِيُّ، وَأَحْمَدُ، وَغَيْرُهُمْ، مِنْ حَدِيثِ ابْنِ مَسْعُودٍ وَغَيْرِهِ. **منهاج السنة النبوية (8/ 254)**

ئەو فەرموودانەی کەدەکرێن بەبەڵگە بۆ دەرچونی مەهدی فەرموودەی سەحیح ـن ئەبو داود و ترمذی و احمد و غەیری ئەوان گێڕاویانەتەوە لەابن مسعود و غەیری ئەویش.

ابن القيم لە المنار المنيف دەفەرموویـت :

وفي كونه من ولد الحسن سر لطيف، وهو أن الحسن -رضي الله تعالى عنه- ترك الخلافة لله، فجعل الله من ولده من يقوم بالخلافة الحق، المتضمن للعدل الذي يملأ الأرض. وهذه سنة الله في عباده أنه من ترك لأجله شيئا، أعطاه الله، أو أعطى

ذريته أفضل منه.

مەهدی کـە لەنەوەی حسن ـە نهێنیەکی جوان ـی تێدایە کەئەو نهێنیەش ئەوەیە حەسن ڕەزای الله ـی لێ بێت وازی لەخیلافەت هێنا لەپێناو الله (وخیلافەتی وتەسلیم بە ئیمام معاویە کرد بۆیەکرپیزبونی موسڵمانان) بۆیە الله تعالی ویسـتی کەلەنەوەکانی حسن کەسێ دانێ کەهەستێ بەڕاگەیاندنی خیلافـەت بەهەق بەجۆرێ دادوەری پڕ سەر زەوی بکات ئەمەش سونەت ـی الله تعالی ـە لەسەر بـەندەکان ـی کەهەرکەسێ شتێ بۆالله وازلێ بێنێت ئەوا الله تعالی بەباشتر بۆی یان بۆنەوەکانی ئەوکەسە قەرەبوی ئەکاتەوە.

٥ - ئیمام ـی أبو داود (4290) دەیگێرپێتەوە کە ئیمـامـی عَلِيٌّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ سەیری حەسـەن ـی کوڕی کرد و فەرمووی :

إِنَّ ابْنِي هَذَا سَيِّدٌ كَمَا سَمَّاهُ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، وَسَيَخْرُجُ مِنْ صُلْبِهِ رَجُلٌ يُسَمَّى بِاسْمِ نَبِيِّكُمْ.

ئەم کوڕەی من گەورەیە وەکـ چۆن پێغەمبەر ﷺ وای پێ فەرمووە وە لەپشـت ـی ئەم کوڕەم کەسێ دەرئەچێ ناوی وەکـ ناوی پێغەمبەرەکەتانە ﷺ.

شيخ الإسلام ابن تيمية **رحمه الله دەفەرمووێت :**

أخبر النبي صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أن اسمه محمد بن عبد الله. **جامع المسائل (3/ 99)**

پێغەمـبەر ﷺ هەواڵی یاوە ناوی مەهدی محمد ـی کوڕی عبدالله یە.

لەمنهاج ـدا هەمان شت ـی فەرمووە :

الْمَهْدِيُّ الَّذِي أَخْبَرَ بِهِ النَّبِيُّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ اسْمُهُ مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الله.

منهاج السنة النبوية (4/ 95)

مەهدی و عیسا علیه السلام یەکتری ئەبینن ولەیەک سەردەمـدا دەرئەچن.

٦ - و جابر رضي الله عنه دەفەرمووێ رسول الله ﷺ دەفەرموێـت :

ينزل عيسى بن مريم فيقول أميرهم المهدي تعال صل بنا فيقول لا إن بعضهم أمير بعض تكرمة الله لهذه الأمة .

عیسـای کوڕی مەریم دائەبەزێ ئەمیری ئەوکاتەی موسڵمانان بەعیسا ئەڵێت وەرە پێش نوێژیمان بـۆبکە عیساش ئەفەرموێت نەخێر ئێوە هەنێکتان پێشەوای هەنێکی خۆتـانن ڕێزی الله یە بۆئەم ئومەتە.

لە صحيح مسلم بەم لەفزە هاتوە :

.. فَيَنْزِلُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَيَقُولُ أَمِيرُهُمْ تَعَالَ صَلِّ لَنَا فَيَقُولُ لا إِنَّ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ أُمَرَاءُ تَكْرِمَةَ الله هَذِهِ الأُمَّةَ. **رواه مسلم 225**

٧ - أبي سعيد الخدري رضي الله عنه دەفەرموێت رسول الله ﷺ فەرموویەتی :

" منا الذي يصلي عيسى ابن مريم خلفه " . رواه أبو نعيم في أخبار المهدي.

لەئێمـەیە ئەوکەسەی کەعیسای کوڕی مەریەم لەپشتیەوە نوێژ ئەکات.

وتەی زانایــان وعەقیدەی ئەهلی سونەت لەبارەی مەهدی :

١ - ابن ابي شيبة لە محمد بن سيرين رحمه الله ئەیگێڕێتەوە فەرموویەتی :

الـمهدي من هذه الأمة وهو الذي يؤم عيسى ابن مريم.

مصنف ابن أبي شيبة، ج: 7، ص: 513، رقم: 37649

مەهدی لەم ئومەتە ـدايە وە پێش نوێژی بۆ عیسای کوڕی مەریــەم ئەکات.

٢ - محمد بن الحسين الآبري رحمه الله دەفەرموویـت :

قد تواترت الأخبار واستفاضت عن رسول الله صلى الله عليه وسلم بذكر المهدي، وأنه من أهل بيته، وأنه يملك سبع سنين، وأنه يؤم الأرض عدلًا، وأن عيسى صلى الله عليه وسلم يخرج فيساعده على قتل الدجال، وأنه يؤم هذه الأمة ويصلي عيسى خلفه. المنار المنيف، لابن القيم، ص: 142

بە تەواتری هەواڵەکان لەپێغەمبەر ﷺ هاتوە لەبارەی مەهدیەوە کە لە ئال بەیت ـی پێغەمبەرە ﷺ وە سەر زەوی پڕ ئەکات لەدادوەری وە عیسا علیه السلام دائەبەزێت هاوکاری مەهدی ئەکـات بۆکوشتنی دەجال وە مەهدی پێشەوایەتی ئومەت ئەکات وعیسا لەپشتیەوە نوێژ ئەکات.

٣ - الإمام محمد بن أحمد السفاريني رحمه الله دەفەرمووێت :

قد كثرت بخروج المهدي الرواياتُ حتى بلغت حدَّ التواتر المعنوي، وشاع ذلك بين علماء السنة حتى عدَّ من معتقداتهم. لوامع الأنوار البهية، للسفاريني، ج: 2، ص: 84

ڕیوایەت گەلێکی زۆر هاتوە لەبارەی دەرچونی مەهدی تاگەشتۆتە پلەی متواتر وە لەناو زانایانی ئەهلی سـونەت بڵاوبۆتوە تا بۆتە بەشێ لەعەقیدەی ئەهلی سـونەت.

٤ - الإمام أحمد بن عبد الحليم بن تيمية رحمه الله دەفەرموێت لەسەرەوە مانای ئەم وتەیەمان کردووە :

الأحاديث التي يحتج بها على خروج المهدي أحاديث صحيحة، رواها أبو داود والترمذي وأحمد، وغيرهم من حديث ابن مسعود وغيره كقوله صلى الله عليه وسلم في الحديث الذي رواه ابن مسعود: ((لو لم يبْقَ من الدنيا إلا يوم لطوَّل الله ذلك اليوم، حتى يخرج فيه رجل مني أو من أهل بيتي - يواطئ اسمه اسمي واسم أبيه اسم أبي، يملأ الأرض قسطًا وعدلًا كما مُلِئت جورًا وظلمًا)) [ورواه الترمذي وأبو داود من رواية أم سلمة]، وأيضًا فيه: ((المهدي من عترتي من ولد فاطمة)). [ورواه أبو داود من طريق أبي سعيد، وفيه: يملك الأرض سبع سنين].

منهاج السنة، لابن تيمية، ج8 ص: 254

٥ - الإمام ابن حجر العسقلاني رحمه الله دەفەرمووێـت :

تواترت الأخبار بأن الـمهدي من هذه الأمة، وأن عيسى صلى الله عليه وسلم يصلي خلفه. **فتح الباري لابن حجر العسقلاني، ج: 6، ص: 569**

هەواڵەکان کەلەسـەر مەهدی هاتوە کەلەم ئومەتەدایە گەشتۆتە پلەی تواتر وە عیسا علیه السلام نوێژ لەپشتیەوە ئەکات.

پاشان لەنیشانە گەورەکان :

- دەرچوون ی دەجال.

- دابەزین ی عیسا علیە السلام.

- دەرچوون ی یەئجوج ومەئجوج.

- پەیدابوون ی دووکەڵ، قال تعالى : ﴿ فَارْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِي السَّمَاءُ بِدُخَانٍ مُّبِينٍ يَغْشَى النَّاسَ ۖ هَٰذَا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾

جا چاوەڕوانی رۆژێک بەکە ئاسمان بە ئاشکرا دووکەڵێکی لێ پەیدا دەبێت هەموو خەڵکی ئەگرێتەوە هەرکە بینیشیان ئەڵێن ئەمە سزایەکی ئێش پێگەیەنەرە.

- هەڵهاتنی خۆر لەخۆر ئاواوە.

- دەرچون ی دابە، قال تعالى : ﴿ ۞ وَإِذَا وَقَعَ الْقَوْلُ عَلَيْهِمْ أَخْرَجْنَا لَهُمْ دَابَّةً مِّنَ الْأَرْضِ تُكَلِّمُهُمْ أَنَّ النَّاسَ كَانُوا بِآيَاتِنَا لَا يُوقِنُونَ ﴾

کاتێ کە فەرمانی سزای ئەوانە دراو بڕیاریش درا کە قیامەت بێت ئەوا لە سکی زەوییدا (دابة الأرض)یان بۆ دەردەهێنین قسەیان لەگەڵ ئەکاو ئەڵێ بەڕاستی زۆربەی ئەم خەڵکە باوەڕیان بەئایەتەکانی ئێمە نەهێناو یەقینیان پێیان نەبوو.

- لەنیشانە گەورەکان ڕوودانی سێ ڕۆچون ڕۆچونێک لەڕۆژهەڵات وڕۆچونێک لەڕۆژئاو وڕۆچونێک لەجەزیرەی عەرەب.

- دەرکەوتن ی کێوێکی ئاڵتون ی، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەت ی :

لا تقوم الساعة حتى يحسر الفرات عن جبل من ذهب يقتتل الناس عليه، فيقتل من كل مائة تسعة وتسعون ويقول كل رجل منهم لعلي أكون أنا الذي أنجو.

قیامەت نایەت هەتاوەکو ئاوی فوڕات دائەکشێت و کێوێک لەئاڵتون

دەرکەوێت خەڵکی یەکتری یەکوژن لەسەری لەهە سەد کەسێ نەوەدو نۆ کەس ئەکوژرێت وهەرکەسێک لەوان ئەڵێت ڕەنگە ئەو یەک کەسەی ڕزگاری ئەبێت من بم.

ئیمام الحافظ ابن حجر العسقلاني رحمه الله له فتح الباري فەرموویەت ی :

ويحتمل أن تكون الحكمة من النهي عن الأخذ منه لكونه يقع في آخر الزمان عند الحشر الواقع في الدنيا.

گریمانەی ئەوە هەیە حیکمەت لەنەبردنی هیچ شتێک لەو کێوە لەبەرئەوەبێت کەئەمە لەکۆتایی دوونیا ڕوو ئەیات لەکات ی ئەو حەشرەی لەدوونیا ڕووئەیات.

- دەرکەوتن ی ئاگرێک لەحضرموت ـەوە کەخەڵکی لەڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژ ئاوا کۆئەکاتەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەت ی :

ستخرجُ نارٌ من حضْرَمَوْتٍ أو من نحو بَحْر حضْرَمَوْتٍ قبلَ يومِ القيامة تُحْشرُ الناسَ قالوا يا رسولَ اللهِ فما تأمُرُنا فقال عليكُم بالشّامِ.

ئاگرێک لەحضرموت یان لەدەریایی حضرموت دەرئەچێت پێش قیامەت خەڵکی کۆئەکاتەوە (هەموویان کۆئەکاتەوە بۆجێگەیەکی دیاریکراو چونکە هەریەکەی بەلایەکدا ئەچێت) هاوەڵان فەرموویان بەچی فەرمانمان پێ ئەکەیت ؟ فەرمووی ڕووبکەنە شام. أخرجه الترمذي (2217)

٢١ - ئیمـان وتەو کردارە زیاد ئەکات و کەم ئەکات وەک چۆن لەفەرموودە هاتوە « اكمل المؤمنين ايمانا احسنهم خلقا » (ابو داود ٤٦٨٢) وە هەروەها فەرموودەی « من تـرک الصلاة فقد کـفر » ئەوەی واز لەنوێژ بهێنێت کافربووە.[١]

٢٢ - هیچ شتێک لەکردارەکان وازلێ هێنان ی کوفر نیە تەنها نوێژ نەبێت هەرکەس وازی لێ بهێنێت ئەوا کافرە الله تعالى کوشتنی حەڵاڵ کـردووە.[٢]

---

(١) **بەڵگەکان لەسەر ئەوەی ئیمان وتە وکردار وبیروباوەڕی دڵە وزیاد وکەم ئەکات لە کتێب ی عەقیدەکەی ئیمامی سفیان ی ثەوری لە شەرح ی وتەی (وَالْإِيمَانُ قَوْلٌ وَعَمَلٌ وَنِيَّةٌ) لەوێـدا بەدرێژی باسم لێوە کـردووە هەرکـات وترا ئیمان وتە وکردارە ئەوا ئەبێت بەم شێوازە لێی تێ بگەیت کەئیمام ی ابن القيم رحمه الله تعالى فەرموویەت ی :**

وها هنا أصل آخر وهو ان حقيقة الإيمان مركبة من قول وعمل والقول قسمان قول القلب وهو الاعتقاد وقول اللسان وهو التكلم بكلمة الإسلام والعمل قسمان عمل القلب وهو نيته وإخلاصه وعمل الجوارح فإذا زالت هذه الأربعة زال الإيمان بكماله وإذا زال تصديق القلب لم تنفع بقية الأجزاء فإن تصديق القلب شرط في اعتقادها وكونها نافعة وإذا زال عمل القلب مع اعتقاد الصدق فهذا موضع المعركة بين المرجئة وأهل السنة.

لێرەدا بنچینەیەکی تر هەیە ئەویش ئەوەیە ئیـــمان (باوەڕ) پێکهاتوە لە وتە وکردار جا وتـــە ئەبێتە دووبەشەوە :

١ - وتەی دڵ کەبریتیە لەوەی بڕوای تەواوی هەبێت (تصدیق).

٢ - وتەی زمان کەبەزمان دان بنێت بەباوەڕەکەی بەئیسلام.

کــــردار یش دووبەشـە :

١ - کرداری دڵ کەبریتیە لەنیـاز و دڵسۆزی بۆفەرمانەکانی الله.

٢ - کرداری لاشـە.

جا ئەگەر ئەم چوارشـتە بەیەکەوە نەبوو ئەوا ئیمان بەیەکجاری نامێنێت ئەگـەر (تصدیق ـی دڵ نەما) ئەوا ئەو خاڵەکانی تریش مابێتەوە سودی نابێت چونکە باوەڕی دڵ مەرجە بۆ دروست بونی ئیمان بـــەڵام ئەگەر تصدیق ـی دڵ مایەوە کرداری دڵ نەبـــوو ئائەمە جەنگی نێوان ئەهلی سونەت و موڕجیئەکانە (چونکە لەلای ئەهلی سونەت نەمانی کرداری دڵ کەپەیوەستەبەکرداری لاشە خاوەنەکەی کافر ئەکات بەڵام لەلای موڕجیئە موسڵمانە !).

بۆیە ابن القیم ئەفەرموێت :

فأهل السنة مجمعون على زوال الإيمان وأنه لا ينفع التصديق مع انتفاء عمل القلب وهومحبته وانقياده كما لم ينفع إبليس وفرعون وقومه واليهود والمشركين الذين كانوا يعتقدون صدق الرسول بل ويقرون به سرا وجهرا ويقولون ليس بكاذب ولكن لا نتبعه ولا نؤمن به وإذا كان الإيمان يزول بزوال عمل القلب فغير مستنكر أن يزول بزوال أعظم اعمال الجوارح ولا سيمــا إذا كــان ملزوما لعــدم مــحبة القلب

وانقياده الذي هو ملزوم لعدم التصديق الجازم كما تقدم تقريره فإنه يلزمه من عدم طاعة القلب عدم طاعة الجوارح إذ لو اطاع القلب وانقاد أطاعت الجوارح وانقادت ويلزم من عدم طاعته وانقياده عدم التصديق المستلزم للطاعة وهو حقيقة الإيمان فإن الإيمان ليس مجرد التصديق كما تقدم بيانه وإنما هو التصديق المستلزم للطاعة والانقياد وهكذا الهدى ليس هو مجرد معرفة الحق وتبينه بل هو معرفته المستلزمة لاتباعه والعمل بموجبه.

ئەهلی سونەت کۆدەنگن لەسەر نەمانی ئیمانی ئەوکەسە کەکرداری دڵی نەماوە تەنها باوەڕی دڵ سودی پی ناگەیەنێت کاتێ کرداری دڵ ی لەگەڵ نەبێت کەبریتیە لەخۆش ویستنی شەرع ی الله وملکەچ بون بۆی هەروەك چـۆن ابلیس و فیرعەون و گەلەکەی و جولەکەکان و موشریـکان لەدڵـەوە باوەڕیان بەپێغەمبەر هەبوە علیهم السلام بەڵکـو بەزمان بەنهێنی وئاشـکراش ئەیانگوت درۆزن نیـە بەڵام شـوێنی ناکەویـن وباوەڕی پێ ناهێنین (بەواتای ملکەچی نابین ئەگینا باوەڕیان وابوو پێغەمبەران ڕاستگۆن ولەلایەن الله ـەوە هاتون) جاکەوابـوو ئیمان لائەچێت بەنەمانی کرداری دڵ وە هیچ مەحاڵ نیە کەئیمان لابچێت بە نەمانی گەورەترین کرداری لاشـە بەتایبەت ئەگەر ئەو کردارەی لاشـە مانای ئەوە بـدات کە لەدڵەوە فەرمانەکەی الله ی خۆشناوێ وملکەچی نابێت جـا هەرکات دڵ ملکەچ ی فەرمانی الله نەبێت ئەوە مانای ئەوەیـە لەدڵەوە بـڕوای تەواوی بەڕاستی بونی شەرعی نیە وە لەکاتی نەبونی گوێڕایەڵی دڵ بۆ فەرمانی شـەرع لاشەش گوێڕایەڵ نابێت چونکـە ئەگەر دڵ ملکەچ بێت ئەوا لاشـەش ملکەچ ئەبێت بۆشەرع جالەکاتی نەمانی ملکەچی بۆشەرع وگوێڕایەڵی نەکردنی شەرع مانای ئەوەیە لەدڵەوە بڕوای بەڕاستـی بونـی شـەرع نـیە بەوجـۆرەی

کەملکەچ بێت بۆفەرمانەکانی الله کەئەمە هەقیقەتی باوەڕە چونکـــە ئیمان هەرئەوەنیە لەدڵەوە باوەڕت پێی هەبێت بەڵکو ئیمان بریتیە لەباوەڕهێنانێ کەملکەچی شەرع وگوێڕایەڵ بێت بۆشەرع هەروەک چۆن گەر کەسێ هیدایەت بناسێت وهەق بناسێت پێی ناوترێ ئەمە هیدایەت دراوە بەڵکو ئەبێت لەگەڵ ناسینی هیدایەت پەیوەست بێت بەشوێنکەوتنی هیدایەت وکارکردن بەداخوازیەکانی.

کەواتـە (اعتقـاد لەلای ئەهلی سونەت بریتیە لەچوار شت پێکەوە تصدیق بەدڵ وبەزمان کردار بە دڵ و بەلاشە).

تصدیق ی دڵ گرێ دراوە بەتصدیق ی زمان تصدیق ی دڵ وزمان نابێت بەئیمان تا دڵ ملکەچی دەرئەبڕێ بۆ شەرع هەرکات دڵ ملکەچ بوو لاشە کردار ئەکات جا تصدیق ی دڵ و ملکەچ بونی دڵ بۆشەرع بەدی نایەت تا بەزمان دان ئەنێت بەئیسلام چونکـە گـەر تەنهـا تصدیق ی دڵ بێ داننان بەئیسلام سـودی هەبوایە ئەوا فیرعەون موسڵمـان ئەبـوو ! چونکە لەدڵەوە یەقینی هەبوو بە موسا.

الله ئەفەرمووێت : ﴿ وَجَحَدُوا بِهَا وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا ۚ ﴾
وە لە ناخی دەروونیاندا متمانەو یەقینیان هەبوو بەڕاستییان زانی بەڵام نکوڵییان کردن لە ڕووی ستەمکاریی و خۆ بەزل زانینەوە نەک لە ڕووی هەق و ڕاستیەوە.

کەواتـا تەنهـا تصدیـق ی دڵ کـافی نیە گەر تصـدیق ی دڵی هەبێـت و

بەزمانیش دان بنێت بەئیسلام ـدا بەڵام ملـــکەچ ـی دەرنەبڕێت بۆ شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ ئەمە دیسـان پێی ناوترێ ئیمان و یەقـین.

چونکە گەر وابوایە ئەبوو تاڵیب کەلەدڵەوە ئەیزانی پێغەمبەر ﷺ ڕاستە بەزمانیش دانی پێدا نابوو کەئەیگوت :

وَلَقَدْ عَلِمْتُ بِأَنَّ دِينَ مُحَمَّدٍ * مِنْ خَيْرِ أَدْيَانِ البَرِيَّةِ دِينَا
لَوْلاَ المَلامَةُ أَو حَذَارِ مَسَبَّةٍ * لَوَجَدْتَني سَمْحاً بِذَاكَ مُبِينَا

بەڵام لەترسی لۆمەی خەڵک ملکەچ نەبوو بۆیە بەکافری مرد.

وە ابن قیم لەهەمان کتابی الصلاة لەپەڕەی 25 ئەفەرموێت : دووجولەکە هاتن بۆلای پێغەمبەر ﷺ وتیان شاهێدی ئەیەین تۆپێغەمبەری بەڵام لەترسی ئەوەی جولەکەکان بمانکوژن شوێنت ناکەوین.

لەکاتێکدا جولەکە لەدڵیشەوە بڕوایان پێ هەبوو بەزمانیش دانیان پێدا هێنا کەواتـا لێرەوە لەمەبەستی فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ تێگەشتین کە یەقـــین ـی دڵ بریتیە لە تصدیق ـی دڵ وزمان و لەکرداری دڵ وزمان.

بۆیە فەرموویەتی :

ألا وإن في الجسد مضغة إذا صلحت صلح الجسد كله وإذا فسدت فسد الجسد كله ألا وهي القلب. **متفق عليه**

له لاشەدا پارچە گۆشتێ هەیە گەر چاک بوو ئەوا هەموو لاشە چاک دەبێت خۆ ئەگەر ئەو پارچە گۆشتە خراپ بوو هەموو لاشە خراپ ئەبێت ئەویش دڵە.

جا چاکترین شت یەقینە لەدڵە جاگەر یەقین لەدڵ هەبێت هەموو لاشەش ملکەچ شەرع دەبێت.

شيخ الإسلام ابن تيمية له الفتاوى ج 7 ص 204 دەفەرموێت :

الثالث ظنهم أن الإيمان الذي في القلب يكون تاما بدون شيء من الأعمال ولهذا يجعلون الأعمال ثمرة الإيمان.

گومانی سێهەمیان ئەوەیە وائەزانن کەئیمانی دروست لەدڵدا بەدی یەت بەبێ ئەوەی کرداریش ئەنجام بات هەربۆیە مورجیئەکان کردار بەبەرهەمی ئیمان ئەزانن.

وه ئەفەرمووێت له مجموع الفتاوى (7 / 541) :

وإذا قام بالقلب التصديق به والمحبة له لزم ضرورة أن يتحرك البدن بموجب ذلك من الأقوال الظاهرة والأعمال الظاهرة فما يظهر على البدن من الأقوال والأعمال هو موجب ما فى القلب ولازمه ودليله.

ئەگەر دڵ بڕوای هەبێت و خۆشەویستی هەبێت بۆشەرع ئەوا پێویستە کەلاشە بجوڵێت بۆجێ بەجێکردنی داخوازیەکانی دڵ لەوتە وکردار ئاشکراکانی لاشە جائەوەی دەرئەکەوێ لەسەر لاشە لەوتە وکردار داخوازی ئەوەیە کەدڵدایە و پەیوەستە بەدڵەوە وەبەڵگەیە بەسەر دڵەوە.

واتا کاتێ کەسێ بەلاشە کرداری نیە بۆشەرع وملکەچ نیە ئەمەنیشانەی ئەوەیە لەدڵەوە ملکەچی وباوەڕی بەشەرع نیە جائەمە قاعیدەیەکی زۆر گرنگ گەر لەزانایانی ئەهلی سونەت پێناسەی ئیمان وکوفر وەربگریت ئەوا هیچ کات شوبهەی ئەهلی ئیرجاء کارت لێ ناکات.

(٢) **نوێژنەکردن کەئیمام ی احمد فەرمووی : هیچ شتێک لەکردارەکان وازلێ هێنان ی کوفر نیە تەنها نوێژ نەبێت هەرکەس وازی لێ بهێنێت ئەوا کافرە، هەروەها ئیمام ی الخلال لە السنةکەیدا گێڕاویەتیەوە لەمحمد بن هارون لە إسحاق بن إبراهیم فەرموویەتی دانیشتبوم پیاوێک پرسیاری لە ئەبوو عبدالله کرد (احمد ی کوڕی حەنبەل) ووتی :**

یا أبا عبد الله إجماع المسلمين على الإيمان بالقدر خيره وشره قال أبو عبد الله نعم قال ولا نكفر أحدا بذنب فقال أبو عبد الله أسكت من ترك الصلاة فقد كفر ومن قال القرآن مخلوق فهو كافر.

ئەی باووکی عبدالله کۆدەنگی موسڵمانان لەسەربڕواهێنانە بەقەدەر بەخێر وشەڕیەوە ؟ ئەبوو عبدالله فەرمووی بەڵێ پیاوەکە وتی وەکەس تەکفیرناکەین بەتاوان ئیمام احمد فەرمووی بێدەنگ بە هەرکەسێ نوێژ واز لێ بێنێت کافرە وەئەوەی بڵێت قورئان مەخلوقە کافرە.

ئەم وتەیەی ئیمام لەئیجماع ی هاوەڵان وەرگیراوە کە عبدالله ی کوڕی شقیق ئەفەرموێت :

كَانَ أَصْحَابُ رَسُولِ الله صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لا يَرَوْنَ شَيْئًا مِنْ الأَعْمَالِ تَرْكُهُ كُفْرٌ غَيْرَ

الصَّلاةِ.

هاوەڵان ی پێغەمبەر ﷺ وازهێنانیان لەهیچ کارێـک پێ کوفرنەبوە تەنها نوێژ نەبێت. رواهُ التِّرمِذِي

لەوانەیە کەسێک تەئویل بکات بڵێت دیارنیە مەبەست ی کوفری گەورەیە یاخود کوفری بچوک لەوەڵامدا ئەڵێین مەبەست ی کوفری گەورەیە چونکە هاوەڵان وازهێنانیان لەچەندین کرداری تر بەکوفر زانیوە بەڵام بەکوفری بچوک بۆنمونە حوکم نەکردن بەحوکمێکی الله تعالی لەقەزیەیەکی دیاریکراودا بە کوفری بچوکیان زانیووە کەواتا مەبەستەکەی عبدالله ی کوڕی شقیق ئەوەیە هاوەڵان وازهێنانیان لەنوێژ بەکوفری گەورە زانیوە ئەگینا شتی تر زۆرە کەهاوەڵان بەکوفری بچوکیان زانیوە بەڵام مادام فەرمووی تەنها وازهێنانیان لەنوێژ بەکوفر زانیوە واتا تەنها ئەو وازهێنانەیان بەکوفری گەورە زانیوە ئەما وازهێنان لەهەنێ کردەوەی ترهەبوە کەهەر بەکوفریان زانیوە بەڵام کوفری بچوک وە ئەمەش مانای ئیجماعە چونکە لەهاوەڵان هەبوە حەج نەکەری پێ کافربوە وەک ئیمام ی عمر هەشبوە پێی موسڵمان بوە بەڵام نوێژنەکردن هەموویان تێیدا کۆڕابوون ـە کەوازهێنان لێی کوفری هەقیقی وکوفری گەورەیە ئەگینا زۆرشتی ترهەبوە وازهێنان لێی بەکوفریان زانیوە بەڵام بەکوفری بچوک لێرەوە تێ ئەگەین لەم کوفرەی عبدالله ی کوڕی شقیق باسی ئەکات واتا کوفرەکە گەورەیە وازهێنان لەنوێژ چونکە عبدالله ئەگەر مەبەست ی کوفری بچوک بایە نەیئەفەرموو تەنها نوێژنەکردنیان پێ کوفربوە بەڵکو زۆر شت ی تریش هەیە نەکردنی کوفربوە لای هاوەڵان بەڵام کوفری بچوک.

بەڵگەش لەسەر ئەم ئیجماعە ئەوەیە ئەوکاتەی ئیمام ـی عمر بریندار کرا ابن عباس پێی فەرموو :

يا أميرَ المؤمنين الصَّلاةَ.

ئەی پێشەوای باوەڕداران کات ـی نوێژە.

ئەویش فەرمووی :

أجَل إنَّه لا حَظَّ في الإسلامِ لِمَنْ أضاعَ الصَّلاةَ.

بەڵـێ هیچ بەشێک لەئیسلام نیە بۆکەسێک نوێژ بفەوتێنێت.

ئەمەش ـی لەبەردەم هاوەڵان فەرموو هیچ هاوەڵێک پێچەوانەی ئەم وتەیەی دەرنەبڕی بۆیە ئەبێت بەئیجماع ـی هاوەڵان لەسەر کافربون ـی نوێژنەکەر.

الصلاة وحكم تاركها لابن القيم (33)

قال الله تعالى : ﴿ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴾

نوێژەکانیشتان بەڕێک و پێکی ئەنجام بەن لە موشریکان مەبن.

ئیمام ـی طبری رحمه الله تعالى لەتەفسیری ئەوئایەتە پیرۆزە فەرموویەتی :

ولا تكونوا من أهل الشرك بالله بتضييعكم فرائضه.

واتـا مەبن بەیەکێک لەموشریکان بەهۆی فەوتـان وفەرامۆشکردنـی فەرزەکانی الله تعالى.

لەفەرموودەش ئەمە زیاتر ڕوونکـراوەتەوە پێغەمـبەر ﷺ فەرموویەت ـی :

الْعَهْدَ الَّذِي بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ الصَّلاةُ فَمَنْ تَرَكَهَا فَقَدْ كَفَرَ.

پەیمان ـی جیاکەرەوەی نێوان ئێمەی موسڵمـان لەگەڵ کافران بریتـیە لەنوێژ ئەوەی وازی لێ بهێنێت کافربوە. رواه الخمسة

اسحاق ـی کوڕی ڕاهوەی ئەفەرموێت :

قد صحّ عن رسول الله صلَّى الله عليه وسلَّم أنَّ تارك الصلاة كافرٌ وكذلك كان هو رأي أهل العلم من لدن النبي صلى الله عليه وسلم إلى زماننا هذا.

بەصحیح ـی هاتوە لەپێغەمبەرەوە ﷺ کەنوێژنەکەر کـافرە بەهەمان شێوە تەکفیرکردن ـی نوێژنەکەر بۆچونی زانایانە لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ تائەم سەردەمەی ئێمە. الاستذكار (2 /150)

تەنانەت هەنێـک لەزانایـان وتویـانە ئەوەی ئارەق بخواتەوە کافرە چونکە خواردنەوەی ئارەقەکە وای لێ ئەکات نوێژ نەکات بەوهۆیەشەوە کافرئـەبێت.

عبداللہ بن عمرو ئەیفـەرموو :

من شرب الخمر ممسيا أصبح مشركا ومن شربه مصبحا أمسى مشركا.

ئەوکەسەی ئێوارە ئارەق بخواتەوە ڕۆژئەکـاتەوە بۆتە موشـریک ئەوە بەڕۆژ بیخواتەوە ئێوارە بۆتە مووشریـک.

بەإبراهيم النخعي وترا واتـای ئەو وتەیە چیە ؟ فەرمووی :

لأنه يترك الصلاة.

چونکە ئەوکەسەی ئارەق ئەخواتەوە واز لەنوێژ ئەهێنێت.

شیخ الإسلام ابن تیمیة لە کتاب الإیمان گێڕاویەتیەوە :

وقال أبو عبد الله الأخنس من شرب المسكر فقد تعرض لترك الصلاة، ومن ترك الصلاة فقد خرج من الإيمان.

ابو عبدالله الاخنس وتوویەتی ئەوکەسەی ئارەق بخواتەوە بەرکەوتەی وازهێنان لەنوێژ ئەبێت وەئەوکەسەشی واز لەنوێژ بهێنێت لەئیمان دەرئەچێت.

رحمە الله تعالی فەرموویەتی : لە عمر ی کوڕی خطاب وعبد الرحمن بن عوف ومعاذ بن جبل وأبي هريرة، جگەلەوانیش لەهاوەڵان بڕوایان وابوە :

أن من ترك صلاة فرض واحدة متعمدا حتى يخرج وقتها فهو كافر مرتد.

ئەوکەسەی یەک نوێژی فەرزنەکات بەئەنقەست تالەکاتەکەی دەرئەچێت ئەوا ئەووکەسە کافر ومورتەدە. غربة الاسلام للشيخ حمود التويجري 326

تێبینی : ئارەق خۆر تەکفیرناکرێت لەبەر خودی ئارەق خواردن ئەو وتانەی سەلەف مەبەستیان ئەوکەسەیە کەبەهۆی ئارەقخواردنەوە نوێژێکی فەرز تەرک بکات.

ئەگینا خودی ئارەق خواردنەوە بەئیجماعی ئەهلی سونەت تاوانێ گەورەیە وپێی کافرنابێت ئەگەر بەحەڵاڵی نەزانێت.

٢٣ - باشـترین ی ئەم ئومەتە لەپاش پێغەمبەرەکەی ﷺ ابو بکری صدیق ـە پاشان عومەری کوڕی خطاب پاشان عثمـان ی کوڕی عفان ئەم سێ هاوەڵە پێش ئەخرێن وەک چۆن پێغەمبەر ﷺ پێشی خستن ولەمەدا هیچ ناکۆکیەک نەبوو.

٢٤ - پاش ئەو سێ هاوەڵە هاوەڵان ی شورا لەپێنج کەسەکە علی کوڕی ابی طالب وزوبەیر و طەلحە و عبدالرحمن ی کوڕی عەوف وسعدی کوڕی ابی وقاص هەموویان شیاو وشایستەن بۆخیلافەت وهەموویان ئیمام ـن.

٢٥ - ئەمەش بۆ وتەکەی ابن عمر ئەچێت کەئەیفەرموو ئێمە بەم شێوە ریزبەندمان ئەکرد کاتێک پێغەمبەر ﷺ وهاوەڵەکان ی زیندوو بوون (ابو بکر پاشان عمر پاشان عثمان پاشان بێدەنگ ئەبووین) (١)

٢٦ - پاش هاوەڵان ی شورا ئەهلی بەدر لەموهاجرەکان پاشان ئەهلی بەدر لەئەنصارییەکان لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بەپێی ئەندازەی هیجرەتکردن وپێشەوەچوون پێش خستنی پێشترەکان یەکەم بەیەکەم. (واتا ئەوانەی پێشینەیان زیاترە لەئیسلام وهیجرەتەکەی پێشترکەوتوە فەزیلەتی زیاتر لەوانەی دووای خۆی)

٢٧ - پاشان باشترین ی خەڵکی لەدوای ئەوان هاوەڵان ی پێغەمبەر ﷺ کەلەسەردەم ی ئەواندا پێغەمبەر ﷺ ڕەوانەکرا هەرکەس هاوەڵێتی پێغەمبەری کردبێت ﷺ بۆساڵێک یان مانگێک یان ڕۆژێک یان سەعاتێک یا چاوی پێکەوتبێت ئەوە لەهاوەڵەکان ی دائەنرێت بەئەندازەی هاوڕیەتیکردنەکەی پشکی هەیە لەهاوەڵ بوون پێشینەی لەگەڵ پێغەمبەربوە ﷺ لێی بیستوە و سەیری کردووە نزمترینیان لەڕووی هاوەڵ بوونەوە باشتر وئەفزەڵترن لەخەڵکی سەردەمی دوای خۆیان کەئەوان پێغەمبەریان نەبینیوە ﷺ ئەگەرچی ئەوانەی دووای خۆیان بەهەموو کردەوەیەکی چاکیشەوە بگەنەوە دیداری پەروەردگاریان بۆیە ئەوانەی هاوەڵێتی پێغەمبەریان کردووە ﷺ وپێغەمبەریان بینیوە ﷺ وشتیان لێ بیستوە وە ئەوەی تەنانەت بۆ یەک سەعات پێغەمبەری بینیوە ﷺ ئیمانی پێ هێناوە باشتر وئەفزەڵترن لەتابعین بەهۆی هاوەڵێتیان بۆ پێغەمبەر ﷺ ئەگەر چی تابعیەکان هەموو کارێکی خێر وچاکەش ئەنجام بەن.(٢)

---

(١) بـۆ درێژەی ئەم بابەتە بڕوانە کتێب ی شەرح ی عەقیدەکەی ئیمام ی سوفیان ی ثەوری لەوێدا بەدرێژی باسم لێوە کـردووە بـڕووانە بڕگەی شُعَیْب فەرمووی وتم بەسوفیـان :

یَا أَبَا عَبْدِ الله وَمَا مُوَافَقَةُ السُّنَّةِ؟ قَالَ: تَقْدِمَةُ الشَّيْخَيْنِ أَبِي بَكْرٍ وَعُمَرَ رَضِيَ الله عَنْهُمَا يَا شُعَيْبُ لَا يَنْفَعُكَ مَا كَتَبْتَ حَتَّى تُقَدِّمَ عُثْمَانَ وَعَلِيًّا عَلَى مَنْ بَعْدَهُمَا.

ئەی باوکی عبدالله موافەقەکردن ـی سونەت چیە ؟ فەرمووی پێش خستنی ئەبو بکر و عمرە ڕەزای الله ـیان لێ بێت وە ئەی شوعەیب ئەمەی ئەینوسیت سودت پێ ناگەیەنێت تاوەکـ عوثمان و علی پێش نەخەیت بەسەر هەموو ئەوانەی دواتر.

(٢) **جوانترین پێناسەی صەحابە (هاوەڵ) ئەوەیە کەئیمام ـی ابن حجر هەڵیبژاردوە و فەرموویەت ـی :**

انه مـن لقـي النبي صلى الله عليه وسـلم مؤمنا به ومات على الاسلام ولو تخلله الردة. **نزهة النظر 1/140**

صەحابە بریتیە لەهەرکەسێک گەشتبێت بەدیداری پێغەمبەر ﷺ وئیمان ـی پێ هێنابێت لەسەر ئیسلام مردبێت ئەگەرچی لەونێوانەدا توشی هەڵگەڕانەوەش بوبێت.

هەربۆیە پێناسەی گەشتن بەپێغەمبەر ﷺ گشتگیر ترە لەپێناسەی بینینی پێغەمبەر ﷺ چونکە هەبوە لەهاوەڵان کوێربوە گەشتوە بەپێغەمبەر ﷺ ئیمانیشی هیناوە ولەسەر ئیمانیش مردووە بەڵام پێغەمبەری بەچاو نەبینیوە ﷺ هەروەها هاوەڵ بوون ئەوکەسانەش ئەگرێتەوە کەمنداڵی هاوەڵان بوون پێغەمبەر ﷺ وسلم دەمی شیرین کردوون بەخورما لەکاتی منداڵیاندا وەک محمود ـی کوڕی ربیع و عبدالله ـی کوڕی طلحە.

مەزهەب ـی ئەهلی بیدەع وگومڕای بەرامبەر بەهاوەڵان پێچەوانەی بیروباوەڕی ئـەهلی سونەت وجەماعەیە کۆمـەڵی یەکەم ڕافیزەکـان کەئەمانــە زیادەڕەوی

ئەکەن لە ال بەیت و تەکفیری هاوەڵان ئەکەن وجنێو بەهاوەڵان ئەیەن ودژایەتیان ئەکەن لەکاتێکدا الله تعالی ڕازی بووە لەهاوەڵان قال تعالی : ﴿ وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ۚ ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴾

لە دەستەی یەکەمی پێشەنگی کۆچکەران و پشتیوانان و چاک پەیڕەوانی ئەوانییش الله تعالی لێیان ڕازیی بوو لێیان و ئەوانیش لە لە الله تعالی ڕازییبوون بەدەر لەوەش چەندان باخ و بێستانی بۆ سازداون کە بە بەر درەخت و کۆشکەکانییدا روبار گەلێ دەچێت بە هەتا هەتاییش تێیدا ئەمێننەوە هەر ئەوەیشە دەسکەوت و سەرفرازیی گەورە.

هەربۆیە الله تعالی ڕازیبون خۆی وبڕیاری بەهەشت ی یاوە بۆهاوەڵان هەرکەس تەکفیریان بکات ئەوە بڕیاری الله تعالی وئایەت ی بەدرۆ داناوە هەرکەسێک ئایەت ی الله تعالی بەدرۆ دانێت کافربووە.

هەربۆیە لە ئیمام ی احمدەوە هاتوە فەرموویەت ی :

ان من سب الشیخین ابی بکر وعمر کفر.

ڕیوایەت کراوە لەئیمام ی احمد هەرکەسێک تەکفیری ابو بکر وعمر بکات تەکفیری ئەکات. المسائل المرویة عن الامام احمد (2/363)

لەپێچەوانەی رافیزەکان نەواصب هەیە ئەمانە دژایەت ی ئال بەیت ئەکەن بەڵام ئەهلی سونەت لەنێوان ئەم دووکۆمەڵە گومڕایەدان ئال بەیتیان خۆشەوێت بەڵام زیادەڕەوی ناکەن لەخۆش ویستیان وەهەروەها هەموو

هاوەڵانیان خۆشەوێت ولەپێگەیـان کەم ناکەنەوە وتـانەوتەشـەر لەهیچ هاوەڵێـک نایەن وبڕوایان وایە هاوەڵان باشترینی خەڵکانن لەپاش پێغەمبەران علیهم السلام سەرەتا لەخەلیفە ڕاشیدەکانەوە پاشـان دەهاوەڵەکەی تر کەموژدەی بەهەشتیان پێدراوە پاشـان ئەهلی بەدر و موهاجرین وئەنصار وئەهلی بەیعەت ـی رضوان ئەوانەی کەلەژێر دارەکە بەیعەتیان یـا بەپێغەمبەرمان علیە الصلاة والسـلام کەژمارەیان هەزار وچوارسەد هـاوەڵ بـوو هاوەڵان هەموویان ڕاستگۆ وعەدل و متمانەن بەوانەشیانەوە کەتوشـی فیتنە وناکۆکی بوون لەناوخۆیاندا.

ابن صە لاح ـی شارە زووری رحمە اللە تعالی لە علوم الحدیث (ص171) فەرموویەت ـی :

إن الأمة مجمعة على تعديل جميع الصحابة. ومن لابس الفتن

هەموو ئومـەت کۆڕان لەسەر بەعەدالەت دانان وبەمتمانە دانانی هەموو هاوەڵان بەوانەشـی توشی ناکۆکی بوون لـەنێوان خۆیان.

ئیمامـی النووي رحمە اللە تعالی فەرموویەت ـی :

الصحابة كلهم عدول من لابس الفتنة وغيرهم بإجماع من يعتد به.

هاوەڵان هەموویان دادپەروەرن بەوانەشی کە توشـی فیتنە بوون بەئیجماع ـی هەموو ئەوانەی کۆدەنگیان اعتمادی لەسەر ئەکرێت. التقريب والتيسير (ص92)

تانەگرتن لـەهەر هاوەڵێـک یان ڕەخنەگرتن وعەیبدارکردن ـی هەرهاوەڵێـک یان بێ ڕێزی پێکردن وقسە وتن بـەهەر هاوەڵێـک کوفر وزەندەقـە ونیفاق ـە

لەهەرکەسێکەوە دەرچوو واجبە ڕقت لەوکەسە بێت وخۆت لەوکەسە بەریئ بکەیت.

ئیمامی الطحاوي لەڕوونکردنەوەی اعتقاد أهل السنة والجماعة ئەفەرموێت :

ونحب أصحاب رسول الله صلى الله عليه وعلى آله وسلم ولا نفرط في حب أحد منهم ولا نتبرأ من أحد منهم ونبغض من يبغضهم وبغير الخير يذكرهم ولا نذكرهم إلا بخير وحبهم دين وإيمان وإحسان وبغضهم كفر ونفاق وطغيان.

هاوەڵانی پێغەمبەرمان ﷺ خۆشەوێت کەمتەرخەم ی لەخۆش ویستنی هیچ یەکێک لەهاوەڵان ناکەین لەهیچ یەکێک لەهاوەڵان خۆمان بەریئ ناکەین ڕقمان لەوکەسە ئەبێتەوە ڕقی لەهاوەڵان بێتەوە بەجگە لەچاکە وباشە باسی هاوەڵان بکات خۆشویستنی هاوەڵان دین وئیمانە ڕق لێ بونەوەشیان کوفر ونیفاق وطغیانە.

الخطيب البغدادي لە (الكفاية) بەسەنەدەوە لە أبي زرعة الرازي گێڕاویەتیەوە کەفەرموویەت ی :

إذا رأيت الرجل ينتقص أحداً من أصحاب رسول الله صلى الله عليه وسلم فاعلم أنه زنديق.

گەر پیاوێکت بینی لەڕێز وپێگەی یەکێک لەهاوەڵان ی پێغەمبەر ﷺ کەم ئەکاتەوە بزانە ئەوکەسە زندیق ـە.

لە مسائل ابن هانيء النيسابوري (1/60)هاتووە ئەفەرموێت بیستم لەباوکی عبدالله پرسیاری لێکرا لەبارەی کەسێک جنێو ئەیا بەمعاویە ئایا نوێژ

٢٨ - بیستن وگوێڕایەڵی بۆ پێشەوایان وئەمیری باوەڕداران چاکەکار وخراپکاریان هەرکەسێک خیلافەت ی گرتە دەست وخەڵکی لەسەری کۆبوونەوە و لەسەری ڕازی بوون وەهەرکەسێکیش کەبەزەبری شمشێر زاڵبوو تاکو بووبەخەلیفە وناونرا ئەمیری باوەڕداران. (بیستن وگوێڕایەڵیکردن ی واجب ئەبێت)[١]

لەپشت ئەوکەسە ئەکرێت ؟ فەرمووی :

لا لا یصلی خلفه ولا کرامة.

نانەخێر نوێژی لەپشتەوە ناکرێت هیچ ڕێزێکی بۆنیە.

(١) لەعەقیدەی ئەهلی سووننەت وجەماعە وئصولی سونەت بریتیە لەسمع وطاعە کردن بۆ پێشەوای موسڵمانان جاچاکەکار بێت یان خراپەکار ئەوە نابێت لەژێر فەرمانڕاویەکەی دەربچیت بەڵکو واجبە گوێڕایەڵی بکەیت تەنها لەشتێک نەبێت کەفەرمان بەسەرپێچیکردن ی الله تعالی بکات لەوەدا بەقسەی ناکرێت.

دەسەڵاتداری خەلیفە بەیەکێک لەم سێ خاڵە دائەمەزرێت :

– هەڵبژاردنی پێشەوای باوەڕداران لەڕێگەی ئەهلی حەل وعەقدەوە.

– خەلیفە بۆ دوای خۆی خەلیفەیەکی تر بۆ موسڵمانان دەستنیشان ودیاری بکات.

– کەسێک بەزەبری هێز وزاڵبون دەست بگرێت بەسەر فەرمانڕەوایدا تاببێت بەخەلیفەی موسڵمانان.

خەلیفەکان ـی پێغەمبەر ﷺ چۆن دامەزرا ؟

١ - خیلافەت ـی ئیمام ـی ابو بکر الله تعالی لێی ڕازی بێت بە هەڵبژاردن ـی بوو لەلایەن ئەهلی حەل وعەقد.

٢ - ئیمام ـی عمر بەوە بوو بەخەلیفە کەئیمام ـی ابوبکر ڕایسپارد بۆ بون بەخەلیفە لەدووای خۆی.

٣ - ئیمام ـی عوثمـان بەهەڵبژاردن لەلایەن ئەهلی حەل وعەقد.

٤ - ئیمام ـی علی بەهۆی بەیعەت ـی زۆرینەی ئەهلی حەل وعەقد بوو بەخەلیفە لەکاتێکدا ئیمام ـی معاویە وئەهلی شام بەیعەتیان نەیایە لەبەرئەوەی داوای تۆڵەکردنەوەیـان کرد بۆخوێنی ئیمام ـی عوثمـان.

ئیمامـی ماوردی رحمه الله تعالی له الاحکام السلطانية 19 ئەفەرموێت بۆ بوون بەخەلیفە حەوت مەرج پێویستە :

یەکـەم : عەدالـەت (واتا کەسێک بێت خاوەن سیرەیەکی پاک وچاک بێت و دووربێت لەفسق وستەم وخراپەکاری).

دووەم : زانست (زانستێکی وای هەبێت بتوانێت لەبابەتە پێشهاتەکاندا اجتهادی شەرعیانەی تێدا بکات بۆ دەرهێنان ـی حوکم پاڵپشت بەشەریعەت).

سێهەم : سەلامەت بون ـی هەستەوەرەکان وەک چاو وبیستن وزمان.

چوارەم : سەلامەت بوونی ئەندامەکانی جەستەی لەهەر نەقصێک کەببێتە ڕێگر لە جوڵەکردن وهەستان وخێرایی.

پێنجەم : خاوەن تێگەشتن وحیکمەت ودانایی وبۆچون بێت لەبەڕێوەبردن ـی ژێردەستەکانی وڕێکخستنی بەرژەوەندیەکان.

شەشەم : ئازا وچاونەترس بێت کەئەمە ئەبێتەهۆی پاراستنی سپیایەتی ئیسلام وسنورەکان ـی وجیهادکردن دژی دووژمنان.

٢٩ – جیهادکردن لەپشت فەرمانڕەوا وکاربەدەست ی چاکەکار وخراپەکار بەردەوامە تاقیامەت وازی لێ ناهێنرێت.

٣٠ – دابەش کردن ی دەستکەوت وجێ بەجێکردن ی سزاشەرعیەکان لەدەسەڵات ی کاربەدەستانە بۆهیچ کەسێک نیە تانەیان لێ بات و ناکۆکیان لەگەڵ دروست بکات.[٢]

٣١ – پێدانی صەدەقات بەوان کارێکی دروست و جێبەجێکراوە هەرکەس زەکاتەکەی بەوان بات ئەوە لەسەری لائەچێت یەکسانە کاربەدەستەکە چاکەکاربێت یان خراپەکار.[٣]

حەوتەم : ڕەچەڵەکی قورەیش ی بێت وئیجماع لەسەر ئەمە دامەزراوە .. چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەت ی :

الْأَئِمَّةُ مِنْ قُرَيْشٍ.

پێشەوایەتی لەقورەیشە.

(٢) جێبەجێکردن ی حەدە شەرعیەکان کاری دەوڵەت ی ئیسلامە کاری ئیمام یان نوێنەری ئیمام ی دەوڵەت ی ئیسلامە نەک تاکە تاکەی خەڵک ئەمەش بنچینەیەکی چەسپاوە لەبنەماکانی عەقیدەی ئەهلی سوننەت.

عطاء الخراساني ئەفەرموێت :

إلى السلطان الزكاة والجمعة والحدود.

پیشەی کاربەدەستە زەکات وەرگرتن و بەڕێوەبردنی جومعە و جێ بەجێکردنی حەدەشەرعیەکان.

الكاساني رحمه الله ئەفەرموێت لەمەرجەکانی جێ بەجێکردنی حەدی شەرعی :

أن يكون المقيم للحد هو الإمام أو من ولاه الإمام. بدائع الصنائع (7/57)

لەمەرجەکان ئەوەیە ئەوکەسەی حەدەکە جێ بەجێ ئەکات ئیمام ـی موسڵمانان بێت یان پێشەوای موسڵمانان ڕای سپاردبێت بەوکارە.

ابن قدامة الحنبلي رحمه الله ئەفەرموێت :

قتل المرتد إلى الإمام حرا كان أو عبدا وهذا قول عامة أهل العلم.

کوشتن ـی موڕتەد کاری سەرکردەیە جا موڕتەدەکە بەندەبێت یان کەسێ ئازادبێت ئەمەش وتەی هەموو زانایانە. المغني (9/8)

(٣) **مەبەست ئەوەیە سەرکردە تاوەکو کوفرێ ئاشکرای لێ دەرنەکەوێ نابێت لەفەرمانی دەربچیت ئەگەرچی سەرکردە کەسێکی ستەمکار وخراپیش بێت بەڵام مادام حوکم ـی خەڵکی بەشەریعەت ـی الله تعالی ئەکات وجیهاد دژی دووژمنان ئەکات نابێت لەفەرمانی دەربچیت و وازبهێنیت لەجیهادکردن لەپشتیەوە چونکە ئەمە بنەمای عەقیدەی ئەهلی سونەتە کەسەرکردە ستەمکار وخراپەکار وزینا کار و دز و خوێن ڕێژیش بێت نابێت لەبەر**

ئیمام ی احمد رحمه الله تعالی فەرموویەت ی :

٣٢ - کردنی نوێژی جمعه لەپشت کاربەدەست و دەسەڵاتدار دروستە دووڕکاتە هەرکەس دووبارەی کاتەوە ئەوکەسە مبتدع ە وازی لەئاثاری سەلەف هێناوە پێچەوانەی سونەت ی کردووە هیچ پاداشتێکی جمعە بۆئەوکەسە نیە کەنوێژ لەپشت ی پێشەوایان

تاوانەکانی دەست بەرداری جیهادکردن بێت لەپشتیەوە لەدژی دووژمنان ی الله تعالی.

ئیمامی الاجری رحمه الله تعالی فەرموویەتی :

من أُمِّر عليك من عربي أو غيره، أسود أو أبيض أو أعجمي فأطعه فيما ليس لله عَزَّ وَجَلَّ فيه معصية وإن ظلمك حقًّا لك، وإن ضربكَ ظلمًا وانتهكَ عرضك وأخذ مالك فلا يَحملك ذَلِكَ عَلَى أنه يَخرج عليه سيفك حتَّى تقاتله ولا تَخرج مع خارجي حتَّى تقاتله، ولا تُحرِّض غيرك عَلَى الخروج عليه، ولكن اصبر عليه. الشريعة (ص40)

هەرکەسێ فەرمانی پێ کردی (لەئەمیری موسڵمانان) عەرەبی یان جگە لەعەرەبی ڕەش بێت یان سپی پێست بێت ئەوا گوێڕایەڵی بکە لەوکارەدا کەسەرپێچی الله تعالی تێدانیە ئەگەر چی ئەو کاربەدەستە ستەمت لێ بکات بەڕاستی ئەگەر لێی یای ئەگەر ئابڕووی هەتک کردی ئەگەر ماڵەکەی بردی هیچ یەکێ لەمانە وا لەتۆنەکات بەشمشێرەوە لەدژی دەربچیت ونەکەی لەگەڵ خەوارج دەربچیت بۆشەڕکردن لەدژی وەکەس هان نەیەی بۆ دەرچون لەکاربەدەست(ی موسڵمان) بەڵکو ئارام ی لەسەرگرە.

بەشەرعی نەزانێت جاپێشەوای چاکەکاربێت یان خراپکار سونەت ئەوەیە لەگەڵیان نوێژی جمعە دوورکات ئەنجام بات وە باوەڕی بەو نوێژە هەبێت وهیچ شک ودوودڵیەک لەسنگی دروست نەبێت.(١)

٣٣ – هەرکەس دەرچێت لەسەر پێشەوایەک لەپێشەوا کاربەدەستەکانی موسڵمانان لەکاتێکدا خەڵکی لەسەری کۆبونەتەوە ودانیان بەخیلافەتەکەی ناوە جابەهەرجۆرێ بوبێت بەخەلیفە بەڕەزامەندی بوبێت یان بە زاڵبون بەزەبری هێز هەرکەس لێی دەرچێت ڕیزی موسڵمانانی لەت کردووە وپێچەوانە ئەو ئەثەرانەی کردووە کەلەپێغەمبەرەوە هاتوە ﷺ ئەگەر بمرێ لەوکاتەی کە خروج ی لەکاربەدەست ی موسڵمانان کردووە ئەوا بەمردنێکی جاهلی مردووە.(٢)

٣٤ – دروست نیە جەنگ لەدژی کاربەدەست ی موسڵمانان بکرێت وبۆهیچ کەسێ ڕەوانیە لەکاربەدەست ی موسڵمان دەرچێت هەرکەس ئەو کارە بکات ئەوە مبتدع ـە لەسەر ڕێبازێکە پێچەوانەی سونەتە.(٣)

---

(١) لە بیروباوەڕی ئەهلی سونەت بریتیە لەنوێژکردن لەپشت کاربەدەست وئیمام وپێشەوایان جاچاکەکاربن یان فاسق وخراپەکار بن ابن حزم رحمە اللە ئەفەرموێت : هیچ کاتێ هیچ یەکێ لەصحابە ڕەزای اللە یان لێ بێت وە لەباشترینەکان ی تابعین کەسیان ڕێگری نوێژیان نەکردووە لەپشت ئەو

ئیمامەی پێشنوێژیان بۆدەکات تەنانەت نوێژیان کردوە لەپشت حەجاج (کەخیلاف هەبوو لەتەکفیرکردن ی) وەلەپشت حبیش بن دلجە ونجدەی حروری (خەواریج) وە وترا بەابن عمر لەسەر نوێژکردن لەپشتیان فەرمووی گەر وتیان وەرن بۆنوێژ وەلامیان دەدەینەوە بەڵام ئەگەر بانگمان بکەن بڵێن وەرن بۆ خوێن ڕێژی ناچین بەدەمیانەوە.

ئیمام ابن قودامەی حەنبەلی رحمە الله لەالمغنی بەژمارە 1125 دەفەرموێت :

وإن لم يعلم حاله ولم يظهر منه ما يمنع الائتمام به فصلاة المأموم صحيحة نص عليه احمد لأن الأصل في المسلمين السلامة ولو صلى خلف من يشك في إسلامه فصلاته صحيحة.

ئەگەر حاڵی ئیمامەکە نەزانراوبێت وە شتێکی لێ دەرنەکەوتبێت کەببێتە هۆی ڕێگریکردن لەنوێژکردن لەپشتیەوە (کوفری لێ نەبینرابێت) ئەوا نوێژی ئەوانەی لەپشتیەوە نوێژ دەکەن دروستە ئەمەش وتەی ئیمام احمدە چونکە ئەصڵ لەموسڵمان سەلامەت بونە. وە ئەگەر نوێژی کرد لەپشت کەسێ کەگومانی هەبێت لەموسڵمان بونی پێش نوێژکار ئەوا نوێژەکەت لەپشتیەوە درووستە.

پاشان لێرەیا پرسیارێک یەتە پێشەوە ئایا نوێژکردن لەپشت فاسق دروستە وەک ئیمام احمد فەرمووی نوێژبکە چاکەکاربێت یان خراپەکار.

وەڵام ی ئەم بابەتە بەم تەفسیلەیە :

حاڵەت ـی یەکەم : ئەگەر لەو شارەدا تەنها ئەو مەلا فاسقەی لێ بێت ئەوە بەکۆڕای ئەهلی سونەت نوێژی لەپشتەوە ئەکرێت ئەوەی نوێژی لەپشتەوە نەکات مبتدع ـە.

حاڵەت ـی دووەم : ئەگەر مەلایەکی تر هەبێت لەوشارەدا مەلایەکی چاکەکارە وفاسق نیە بەڵام تۆ لەپشت مەلا فاسقەکە نوێژبکەیت لەبرِی مەلا چاکەکارەکە ئایا نوێژەکەت دروستە ؟

ئەگەر نوێژنەکردن لەپشت ئەو فاسقە ببێتەهۆی مەفسدەتی گەورەتر ودووبەرکی نێوان موسڵمانان ئەوا نوێژی لەپشتەوە ئەکرێت بەڵام ئەگەر نوێژنەکردن لەپشتیەوە مەفسدەتی گەورەتری لێ نەکەوێتەوە ئەمە زانایان دووبۆچونن هەنێک لەزانایان وتویانە نوێژەکەی دروستە ودووبارەی ناکاتەوە هەنێکی تر وتویانە نوێژەکەی دروست نیە چونکە ئەوکەسەی نوێژ ئەکات لەپشت فاسق لەباردۆخێکی لەم شێوەیەدا ئینکاری لەمنکری فاسقەکە نەکردوە بەڵکو ئیقراری بەمنکرەکەی کردوە.

شێخ ـی ئیسلام ابن تیمیه رحمه الله تعالی فەرموویەت ـی :

الأَئِمَّة مُتَّفِقُونَ عَلَى كَرَاهَةِ الصَّلاةِ خَلْفَ الْفَاسِقِ لَكِنْ اخْتَلَفُوا فِي صِحَّتِهَا فَقِيلَ لا تَصِحُّ كَقَوْلِ مَالِكٍ وَأَحْمَد فِي إحْدَى الرِّوَايَتَيْنِ عَنْهُمَا . وَقِيلَ بَلْ تَصِحُّ كَقَوْلِ أَبِي حَنِيفَةَ وَالشَّافِعِيِّ وَالرِّوَايَةُ الأُخْرَى عَنْهُمَا.

پێشەوایان کـــۆڕان لەسەر کەڕاهەتی نوێژکردا لەپشت فاسقەوە بەڵام ڕاجیاوازن لەسەر دروستیەتی نوێژەکە هەنێکیان وتویانە دروســت نیە وەک

یەکێک لەدوو ڕیوایەتەکە لەمالک واحمد وە وتراوە دروستە وەک وتەی ابی حەنیفە وشافعی و ڕیوایەتێکی تر لێیانەوە. (مجموع 23/375)

بەڵام وتەی دروست ئەوەیە هەرکەسێک نوێژەکەی بۆخۆی دروست بێت ئەوە نوێژکردن لەپشتیەوە سەحیح ودروستە جا ئەوکەسە ئەهلی سونەت بێت یان مبتدع وفاسق بێت.

ئیمامی النووي لە المجموع (4/151) فەرموویەت ی :

صَلاةُ ابْنِ عُمَرَ خَلْفَ الْحَجَّاجِ بْنِ يُوسُفَ ثَابِتَةٌ فِي صَحِيحِ الْبُخَارِيِّ وَغَيْرُهُ فِي الصَّحِيحِ أَحَادِيثُ كَثِيرَةٌ تَدُلُّ عَلَى صِحَّةِ الصَّلاةِ وَرَاءَ الْفُسَّاقِ وَالأَئِمَّةِ الْجَائِرِينَ.

نوێژکردن ی ابن عمر لەپشت ی حەجاج ی کوڕی یوسف جێگیربوە لەصحیح ی بخارس وجگە لەوەش لەصحیح ـدا کۆمەڵێ فەرموودەی زۆر هاتون بەڵگەن لەسەر دروستیەتی نوێژ کردن لەپشت فاسق وکاربەدەستە ستەمکارەکان.

وە هەروەها فەرموویەت ی :

قَالَ أَصْحَابُنَا الصَّلاةُ وَرَاءَ الْفَاسِقِ صَحِيحَةٌ لَيْسَتْ مُحَرَّمَةً , لَكِنَّهَا مَكْرُوهَةٌ وَكَذَا تُكْرَهُ وَرَاءَ الْمُبْتَدِعِ الَّذِي لا يَكْفُرُ بِبِدْعَتِهِ وَتَصِحُّ فَإِنْ كَفَرَ بِبِدْعَتِهِ فَقَدْ قَدَّمْنَا أَنَّهُ لا تَصِحُّ الصَّلاةُ وَرَاءَهُ كَسَائِرِ الْكُفَّارِ وَنَصَّ الشَّافِعِيُّ فِي الْمُخْتَصَرِ عَلَى كَرَاهَةِ الصَّلاةِ خَلْفَ الْفَاسِقِ وَالْمُبْتَدِعِ فَإِنْ فَعَلَهَا صَحَّتْ.

هاوەڵانمان وتویانە نوێژکردن لەپشت فاسق دروستە وحەرام نیە بەڵام کەڕاهەتی هەیە بەهەمان شێوە لەپشت مبتدع کەڕاهەتی هەیە ئەومبتدعەی کەبیدعەکەی نەگەشتۆتە کوفر کەبەهۆیەوە کافرببێت

نوێژکردن لەپشتیەوە دروستە بەڵام گەربیدعەی هەبێت بیدعەکەی ببێتە هۆی کافربون ـی ئەوە نوێژکردن لەپشتیەوە دروست نیـە وەکچۆن دروست نیە نوێژکردن لەپشت هەموو کافران ـی تر دەقی شافعی لەمختصر لەسەر کەڕاهەت ـی نوێژ لەپشت فاسق و مبتدع ـە بەڵام ئەگەر نوێژی لەپشت کردن نوێژەکەی دروستە.

(٢) **ئاماژەیـە بۆئەو فەرموودەیەیە کەئیمام ـی بخاری 7143 گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر ﷺ فـەرموویەت ـی :**

مَن رَأَى من أمِيرِهِ شيئًا يَكْرَهُهُ فلْيَصْبِرْ عليه فإنَّهُ ليس أحدٌ يُفارِقُ الجَماعةَ شِبْرًا فيَموتُ إلَّا ماتَ مِيتةً جَاهِلِيَّةً.

هەرکەس شتێکی لەئەمیرەکەی بینی پێی ناخۆش بوو بائارام بگرێت چونکە هیچ کەسێک نیە بەئەندازەی بستێک لەکۆمەڵی موسڵمانان جیابێتەوە بەوحاڵەوە بمرێت ئیلا بەمردنێکی جاهلی مردووە.

مەزهەب ـی ئەهلی سونەت لەمامەڵەکردن لەگەڵ کاربەدەست پێچەوانەی ئەهلی بیدعە چونکە ئەهلی سونەت بڕوایان وایە نابێت لەکاربەدەست دەربچیت تاکوفرێکی ئاشکرای ڕوون ـی لێ دەرنەکەوێت بەڵام بەتاوان وستەم و گوناهـ وبیدعە لەدەسەڵاتدار دەرناچن و لەژێر فەرمان ڕەوای کاربەدەست دەرناچن لەچاکەدا گوێڕایەڵیان ئەکەن ولەخراپەش بەقسەیان ناکەن چونکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمانی کردوە دەرنەچین لەسەر دەسەڵاتدار تاکوفرێکی ڕوون وئاشکرای لێ ئەبینرێت تەنها کوفر.

إلاّ أن تروا كفراً بواحاً عندكم من الله فيه برهان.

بەڵام ئەهلی بیدەع وەک خەواریجەکان بڕوایان وایە دەسەڵاتدار ئەگەر یەک تاوان بکات وەک دزی یان زینا یان ئارەق بخواتەوە بەوە تەکفیری دەسەڵات ئەکەن وخروج ی لەسەرئەکەن.

